# ئەگەر خەڵكی كوردستان فریوی هەڵبژاردن بخۆن
# كام ژیان و چارەنووس دەخەنە بەر پێی خۆیان و نەوەكانیان

ساما‌ن ئەحمەد
٢٠٠٥/١٢/٦

چەند ڕۆژێكە خەڵكی كوردستان لە ژێر بۆمبارانێكی تەبلیغاتی چڕی پارتی و یەكێتی دایە بە مەبەستی فریودان و پەلكێشكردنیان بۆ بەردەم سندوقەكانی دەنگدان. بە جیا لە ناوەرۆكی دواكەوتووانە و ئەخلاقیانەی ئەم كەمپینە بۆ كوێركردنی زەین و وورووژاندنی ئیحساساتی خەڵك، هاوكات لە هەوڵی چەواشەكردن و فریودانی خەڵكی كوردستاندان بەوەی كە ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنە تەنها ئاسۆی چارەنووسێكی گەش و ئایندەیەكی باشتر وئاسوودەیە بۆ خەڵكی كوردستان.

ئەم درۆ و چەواشەكاریەی ئەوان هێندە ئاشكرایە وەكو ئەوەی بیانەوێ بەری خۆر بە بێژەن بگرن. پێش هەموو شتێك تەجروبەی ١٤ساڵی ڕابردوو بە كردەوە ئەوەی بۆ خەڵكی كوردستان سەلماندووە هەتا چارەنووسی كۆمەڵگای كوردستان بە دەست ئەم حزبانەوە بێت خەڵكی كوردستان نەك لە سەرەتایی ترین خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكان بەهرەمەند نابن بەڵكو كۆمەڵگای كوردستان ئەوەندەی تر بەدەست تاڵان و بڕۆ و گەندەڵی و سەركوتی ئەم حزبانەوە گیرۆدە دەبێت. خۆ ئەگەر ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنەش بە وویست و ئارەزووی ئەم حزبانە بڕواتە پێشەوە كە ژمارەی كورسیەكانیان لە بەغدا زیاتر بكەن دەسەڵاتیان مەحكەمتر بكەن و پول و داهاتی زیاتریان بەربكەوێت، هێندەی تر فرسەتی ڕاوو ڕووت و گەندەڵی و سەركوتی هەر دەنگێكی ناڕازیان بۆ خۆش دەبێ و هێندەی تر خەڵكی كوردستان دەبنە ئەسیری دەسەڵات و ئابوری ئەم فیرعەونانەی كوردستان.

چەواشەكاریەكی تری پروپاگەندەی ئەم حزبانە ئەوەیە كە خەڵكی كوردستان جگە لە بەشداری هەڵبژاردنەكانی عێراقدا هیچ ڕێگایەكی تریان لەبەردەمدا نیە كەچارەنووس و ئایندەیەكی باشتریان بۆ بهێنێتە دی. وەكو ئەوەی كۆمەڵگای عێراق لە بەهەشتدا بژی ئەگەر خەڵكی كوردستان بەشداری تیادا نەكات خۆشی و نیعمەتی ئەم بەهەشتەی لەدەست دەچێت! هەربۆیە دەبێت خەڵكی كوردستان بە ئیلحاقی ئیجباری بەم بەهەشتە ڕازی بێت. بەلام نەك خەڵكی كوردستان تەنانەت لەزۆربەی وولاتانی دنیاش كەهەواڵی مەرگەساتەكانی عێراق لەتەلەفزیۆنەكانەوە بلاودەبێتەوە گەورەكان مناڵەكانیان دوور دەخەنەوە بۆ ئەوەی دیمەنی مەترسی داری ئەو ڕووداوانە نەبینن كە وەحشیگەری تیرۆریزمی ئیسلامی و هێرش و بۆردمانی دڕندانەی هێزەكانی ئەمریكا بەسەرخەڵكی بێ تاوانی عێراقدا هێناویانە. یان وەكو ئەوەی لە بەغداحكومەتێكی عەلمانی و مۆدرێنی وا لەسەركار بێت كە هەر ڕۆژەی خزمەتگوزاری و دەستكەوت و ماف و ئازادیەكی زیاتر بۆ كۆمەڵگا بەگشتی و ژنان و لاوان و مناڵان و نەخۆش و پیرو پەككەوتەكانی عێراق بەتایبەتی بهێنێتە دی و حكومەت بەدەست كۆمەڵێك عەمامە بەسەری كۆنەپەرست و دەستەو تاقمی ناسیۆنالیستی شۆڤینیست و سەرۆك عەشیرەتی دوواكەوتووی خاوەن دەستورێكی فاشیانەی قەومی ـ قوڕەیشی یەوە نەبێ.

ئەم چاوبەست و چەواشەكاریەی یەكێتی و پارتی بۆ پاراستنی كورسیەكانی خۆیان دەستیان داوەتێ هێندە پووچ و بێ مانایە ئەگەر بۆ چەواشەكردنی خەڵك لەكۆمەڵێك ئیدیعا و زاراوەی نەتەوەپەرستی وەكو (مافی كورد و بەشی كورد، بەرژەوەندی گەلی كورد.. )ی نەپێچنەوە و نەیشارنەوە، منداڵێكی پێ قایل نابێ.

عێراق هەتا ئەمڕۆ بۆنی خوێنی لێ دێت بەدەست داگیركاری و تیرۆرمی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی و دەسەڵاتی ڕەشی ئیسلام و تائفی و عەشیرەتیەوە دەناڵێنێ و نوقمی كێشمەكێشی مەزهەبی و قەومی تائفی بووە، ئەگەر خەڵكی

کوردستان فریوی ئەمجارەی یەکێتی و پارتی بخۆن پەنجەی خۆیان بکەن بەو زاخی خۆشباوەڕیەدا ئەوا بەدەستی خۆیان خۆیان دەخزێننە ئەو دۆزەخەی لە عێراقدا بەڕێوە دەچێ و بە دەستی خۆیان پەنجە مۆری ئیلحاقی ئیجباری بەو دۆزەخەوە دەکەن . ئەسیربوونی خۆیان بە حکومەتێکی ئیسلامی و قەومی و تائفی و دەستورێکی قوڕەیشی یەوە مۆر دەکەن.

خەڵکی کوردستان دەبێ بە پێچەوانەی یەکێتی و پارتی یەوە لەبیری خواست و مافە ئینسانیەکانی خۆیدا بێ و ژیان و چارەنووسی خۆیان و نەوەکانیان لەو دۆزەخەی ئەمڕۆی عێراق بەدوور بگرن . ڕێگا نەدەن بۆمبابارانی تەبلیغاتی یەکێتی و پارتی خواستی ڕاگەیەنراوی خۆتان (جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق) لەبیر بباتەوە. یەکێتی و پارتی جگە لەبەرژەوندی فیرعەونی خۆیان بیر لەهیچ شتێکی تر ناکەنەوە وچارەنووسی خەڵکی کوردستانیان بۆ گرنگ نی یە. تەجروبەی ١٩٧٤ لەپەرتەوازەکردن و سەرگەردان کردنی خەڵکی کوردستان، هەڵاتنیان لەنیسانی ١٩٩١دا لە پێش خەڵکدا و ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستان، تەجروبەی فریودانی خەڵك و بۆ دەنگدانی ١٩٩٢ کە بەدوایدا شەڕی ناوخۆ و گەندەڵی و بێ قانونی و سەرکوتی ١٤ساڵی دەسەڵاتی ڕابردوویان ئەو ڕاستیە دەسەلێنن کە ئەم حزبانە جگە لە بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خۆیان ژیان و چارەنووسی خەڵکی کوردستانیان بۆ گرنگ نی یە. ئەمڕۆش دەیانەوێ لە گەمە و قومارێکی تردا بەژیان و چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە سیناریۆیەکی تاڵ و تاریك بخەنەوە بەردەم خەڵکی کوردستان.

خەڵکی کوردستان ناکرێ چی تر بەم فریوکاریانە بخەڵەتێن و بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ناکرێ چی تر ڕێگا بدەن ئەم حزبانە قومار بە چارەنووسی ئەوانەوە بکەن. ناکرێ چی تر مل بە ئیلحاقی ئیجباری و گەڕانەوە بۆ دۆزەخی تیرۆر و داگیرکاری و دەسەڵات و دەستوری فاشی ـ قوڕەیشی یانە بدەن.

خەڵکی کوردستان ناکرێ جارێکی تر پەنجە بەو زاخەدا بکەن کەپێش هەموو کەس خۆیان دەسوتێنێ. بەشداری نەکردنتان لەم هەڵبژاردنەدا دەتوانێ دەربڕینی نارەزایەتی خۆتان بێ بەم سیناریۆیە و خواستی جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازاد و مۆدێرن زیندوو ڕابگرن.